# تەمەنێکی کورت و داهێنانی مەزن لە بواری

## ڕۆمانووسین وسینەمای

ئامادەکردنی/ مەجید سالح



بۆ چوونە ناو جیهانی "یەڵماز گۆنای" پێویستە بگەڕێینەوە بۆ منداڵی وشوێنی لە دایك بوون وسەرەتاکانی ژیانی و ئەو کارانەی کە بە منداڵی و لاوێتی پێی هەستاوە و پاشان تا ئەوکاتەی دەرهێنەرێکیوا گەورەیەی لێکەوتەوە. یەلماز پۆتن گونای لە ساڵی 1937 لە دایك وباوکێکی کوردی نیشتەجێی گوندی "یەنیجە" سەربە پارێزگای ئەدەنەی کوردستانی باکور لە دایك بوە.

منداڵێتی ولاوێتی بە کارکردن لە کێڵگەکانی کشتوکاڵی وقەسابی ومیکانیکی وکرێکاری و.... بردوەتە سەر. پاش تەواوکردنی خوێندنی ناوەندی خوشەویستی بۆ ئەدەب گەشەی کردوە و لە گەڵ چەند هەواڵێکدا گۆڤاری "دەوران" و" بۆرانیان" دەرکردوە. بەڵام پاش ئەوەی چووە زانکۆی ئەستەمبوڵ لە بەر نەبوونی پارە هەردوکیان لە دەرکردن وەستان. چەندین چیرۆکی لە بارەی بەسەرهاتەکانی ژیانی خۆی نووسی ولە سەر یەکێك لەو چیرۆکانە ساڵی 1960 هەژدە مانگ خرایە زیندانەوە و دواتر شەش مانگ دور خرایەوە بۆ "قۆنیا" و بە پێی قسەکانی خۆی مانەوەی لە قۆنیا لە پەروەردەکردنیدا ڕۆڵێکی گەورەی هەبوە و زۆر لە بابەتەکانی لەوێدا نوسیوە.

ساڵی 1958 چالاکیە سینەماییەکانی گۆنای وەك یارمەتی دەری دەهێنەر ونوسینی سیناریۆ وئەکتەر لای هونەرمەند عاتیف یەلماز دەست پێدەکات ولە ساڵی 1968 یەکەمین فیلم لە دەرهێنانی یەلماز گۆنای بە ناوی ( سەید خان) دەکەوێتە سەر شاشەی سینەماکانی تورکیا ولە لایەن رەخنەگرانەوە پێشوازیەکی زۆری لێکراو حەفدە خەڵاتی بەرکەوت بە خەڵاتی باشترین دەرهێنەر وئەکتەر وسیناریۆشەوە.ئەم فیلمە لە تورکیادا زیاتر لە هەشت ملیۆن کەس بینی. لە پاش ئەوە

یەلماز کۆمەلێك فیلمی تری  دەرهێنا، لێرەدا ئیشارەت بە هەندێکیان دەکەین ( گورگە برسیەکان، بێ ئومێدی، تاڵی، دوودڵی، شیوەن، ئامانجی نەگۆڕ، روباری سوور، من دەژیم چەندە زیاتر بمرم، باوك، هاوڕێ، ریگا "خەلاتی (ڤیستفاڵی کان)ی پێبەخشرا"، یاسای سنوور، مێگەل، بکوژی قوربانی، دیوار" دواین فیلمی یەلماز بوو"، هیوا وناشیرین....هتد).

گرنگترین ئەو خەلاتانەی کە یەڵماز وەری گرتوون:

ساڵی 1967خەلاتی باشترین ئەکتەر لە فیلمی یاسای سنوور، 1969 خەلاتی سێیەم لە فیلمی سەیدخان وباشترین ئەکتەر لە هەمان فیلم بە خۆی بەخشرا، 1970 باشترین فیلم بۆ فیلمی"هیوا" و باشترین ئەکتەر وباشترین سیناریۆ بۆ خۆی.، 1971 باشترین فیلم لە ڤیستفاڵی ئەدەنە بۆ فیلمی شیوەن و خەلاتی دووەم بۆ فیلمی هیوا و خەلاتی سێیەم بۆ فیلمی بێ ئومێدیوهەر ئەو ساڵە خەلاتی باشترین دەرهێنەری ساڵ وباشترین ئەکتەری پیاوی پێ بەخشرا. 1972 باشترین فیلم بۆ فیلمی باوك و باشترین خەلات بۆ خۆی لە هەمان فیلمدا. هەمان ساڵ فیلمی هیوا خەلاتی تایبەتی رەخنەگرانی ڤیستفاڵی گرینۆڵی جیهانی پێ بەخشرا ودواتر لە ڤیستفاڵی فینیسیا فیلمی شیوەن خەلاتی رەخنەی جیهانی پێدرا. ئەو ساڵە لە راپرسیەکدا کە رۆژنامەی "ملیەت" کردبووی لە نیوان بیست وپێنج کەسدا بە باشتر کەسایەتی ساڵ هەڵبژێرا. ساڵی 1975 فیلمی دوو دڵی لە ڤیستفاڵی ئەنتاکیە خەلاتی یەکەمی وەرگرت وفیلمی "هاوڕێ"ش خەلاتی دووەمی وەرگرت. لە ساڵی 1977 خەلاتی رێزلێنانی بۆ سەرجەم کارە هونەریەکانی لە ڤیستفاڵی بەرلین پێبەخشرا. ساڵی 1979 خەلاتی فیلمی کاتۆلیکی وەرگرت. ساڵی 1980 فیلمی مێگەل کە لە زینداندا دەرهێنانەکەی ئەنجامدابو بە فیلمێکی تەواو کوردی دێتەژماردن خەلاتی ڤیستفاڵی بەلژیکای وەرگرت. هەمان فیلم لە هەمان ساڵدا خەلاتی ڤیستفاڵی ڤالنیسیای وەرگرت. بەلام شای خەلاتەکانی لە ساڵی 1982 لە ڤیستفاڵی "کان"ی سینەمای بە هاوبەشی لە گەڵ دەرهێنەری‌گەوری یۆنانی "کوستا گافراس"وەرگرت.

لە بواری ئەدەبیشدا بە دەیان چیرۆك ورۆمانی نووسی. لەو رۆمانانەی کە دەکرێت ناویان بهێنین رۆمانی" بە سەرشۆڕی مردن" کە خەلاتی "ئۆرهان کەمال"ی لە ساڵی 1970 پێبەخشرا، رۆمانی تۆمەتبار، ژوری زیندانەکەم، ساڵپا کە بە گرنگترین رۆمانەکانی گۆنای دێتە ژماردن وبە هۆیەوە بو بە پاڵێوراوی خەلاتی نۆبل..جگە لە نووسینی سەدان سیناریۆ وکورتە چیرۆك.

بەم جۆرە دەبینین یەڵماز گۆنای لە تەمەنێکی کورتی 47 ساڵی پر لە ئازار وئەشکەنجە وراودوونان وزیندانیدا زۆرترین خەلات وریزلێنانی وەرگرتوە. کۆی ئەو ساڵانەی کە گۆنای تێدا حوکمی زیندانیکردنی بە سەردا دراوە زیاترە لە سەد ساڵ. وزیاتر لە 14 ساڵیش لە زیندان ودورخستنەوەو دەستبەسەریدا ژیاوە.دواین جار لە ساڵی 1980 پاش هاتنەسەرکاری فاشیستەکانی تورك بە تۆمەتی کوشتنی قازییەك 18 ساڵ حومدرا، بەلام ساڵی 1981 توانی لە زیندان هەڵبێت وخۆی

بگەیەنێتە ئۆرووپاو درێژە بەکارە هونەرییەکانی بدات. بەو هەڵهاتنە تورکەکان شێت بوون وبە پەلە ناسنامەیان لێ سەندەوەو هەموو هەوڵێکیان خستە گەڕ بۆ کوشتنی، پاش هاتنە دەرەوەی هەستی نەتەوایەتی و کوردایەتی لای یەلماز بە شێوەیەکی زۆر پەرەی سەند ولە ساڵی 1982 هەموو سەرمایەکەی خستە کار بۆ دروستکردنی ئینستیتۆدی کوردی لە پاریس کە خزمەت بە زمان وکولتوری کوردی دەکات وتاکو ئێستاش ماوە. جگە لەوە بوو بە دەستەی راوێژکار لە گۆڤاری "دراسات کردستانیە" کە بە چوار زمان دەردەچێت. بە داخەوە پاش وەرگرتنی خەڵاتی ڤیستفاڵی کان بە دوو ساڵ و لە 9/9/ 1984 لە پاریس بە نەخۆشیەکی کوشندە کۆچی دوایی کرد وبە ئامادە بوونی هەزاران کەس لە خەڵکی بە ناوبانگی دونیا لە گۆڕستانی پاوەگەورەکانی فەرەنسا و لە تەنیشت گۆڕەکەی ئەلفرید دومیسێ وبودلیر وسارتەردا نێژرا. پێش مردن بە ماوەیەکی کەم کاتێك لە سەر رووباری راین پرسیاریان لێ کرد ئەگەر بەم زووانە نەمریت چی کارێك دەکەیت ووتی" کوردستان رزگار دەکەم"

گەورەیی وئایندە بینی یەڵماز گۆنای هێندە زۆرە لە باس کردن نایەت، ئەو نەك هەر بە گوفتار، بەڵکو بە رەفتارەکانی بە بەردەوامی ئەو گەورەییەی دەنواند. ئەوتا کاتێك لە زینداندا بووە لە نامەیەکیدا بۆ خێزانەکەی دەنووسێت: "خۆشەویستەکەم، لە سەرمان نەنوسراوە ژیانێکی خۆش وپڕ لە ئاسایش وسەقامگیری پێکەوە ببەینە سەر، تەنها لە بەر هۆیەکی ئاسان ئەویش ئەوەیە ئێمە هەست بە ئازاری خەڵك دەکەین وبە خەم وئازارەکانی خۆمانی دەزانین، ئێمە تراژیدیای ئەو خەڵکانەی کە نایان ناسین ئەمانهەژێنێت، فرمێسکەکانیان جەرگمان دەسووتێنێت..ئێمە تەنانەت فرمێسکمان بۆ پشیلەکانیش رشتووە وسروشت وهێلانەی چۆلەکەکانمان پاراستوە..ئای چەند جوانە هاوبەشی خەم وئازارەکانی خەڵك بیت وچەند گەورەییە یارمەتی خەڵك بدەیت لە مەینەتیەکانیان رزگاریان بێت، لە ژیانمدا زیاد لە پێویست ئازاری کێشاوەو ئەشکەنجەی زۆرم بینیوە، بەڵام ئەم ژیانە چەند جوان وشیرینە. بۆیە تۆش خەڵکت خۆش بوێت و کارێك بکە ئەوانیش خۆشیان بوێت، لە ژیان بێزار مەبەو هەمیشە دڵگەش بە. بە خۆشی وشادی رووبەڕووی خەم وئازارەکانت بەرەوە."

گونای سەبارەت بە کوردبوونیەوە دەڵێت: "باوکم بەبەردەوامی دەیوت تاکە خەونێکم هەیە ئەویش ئەوەیە ئەم ولاّتە بەجێبهێڵم و لەم مەعیشەتە داماویە رزگارم بێت. لە سەرەتادا نەمدەزانی باوکم مەبەستی لەو قسانە چییە، بەڵام دواتر هەموو شتێکم بۆ ئاشکرا بوو. کورد بوون ببوە سەرچاوەیەکی گەورە بۆ ئازاردانیباوکم، بۆیە دەبوو بەبەردەوامی لە ژیانی غوربەتە کۆچ کردندا بێت و لە کاتی توڕەبوون وهەڵچووندا دەستی دەکرد بە چرینی گۆرانی کوردی، دواتر لەو نهێنیەش گەیشتم، چونکە گۆرانی کوردی مێشکی دەحەسانەوە، چونکە ناخی بەتاڵ دەکردەوە لە ئازارو خەمەکانی".

سەبارەت بە گەورەیی گۆنای ئلیا کازان دەڵێت: "ناکرێت پاڵەوانەکانی گۆنای لە یادەوەریماندا بسڕینەوە، لە فیلمی "هیوا"دا پاڵەوانەکانی هیوا بە هەستێکی غەریب وگاڵتە ئامێز دەزانن". "فالنتینا کالدیاجینیا"ش دەڵێت: "گۆنای دەرهێنەرێکی مەزنی جیهانییە". ماوەتەوە بڵێن لە بەر گەورەیی گۆنای ئێستاش وێنەیەکی تایبەتی لە پەیمانگای سینەمای جیهانی وەك نیشانەیەك بۆ نەمری هەڵواسراوە.